ئەدۆنیس: بە بێ ڕەخنە گرتن لە تەئویلی باو، ناتوانم بەرگری لە ئیسلام بکەم

و: عەبدولموتەلیب عەبدوڵلا

ئەدۆنیس وەك مێوانی کتێبخانەی ئەسکەندەرییە لە بەرنامەی (توێژەری موقیم) دە ڕۆژانی بە سەر برد، ئەو بەرنامەیە لە تەواوی دنیادا مێوانداری ئەو توێژەرانە دەکات کە لە بواری کەلەپور و فیکر کار دەکەن، ئەدۆنیس لە ڕێگەی چوار لێکچەر کە بەرنامەکەی لەخۆ گرتبوو چەندان پێداچوونەوەو دووبارە خوێندنەوەی بۆ فیکر و دنیابینی تایبەت بە مەسەلەکانی شیعر و کەلەپور بە ئەنجام گەیاند، هەروەها قسەی لە (ستاتیك و دینامیك) کرد کە کتێبە بە ناوبانگەکەی لە ژێر ئەو ناونیشانە لە حەفتاکاندا بڵاو کردۆتەوە، وەك چۆن لە سەر ئاستی ڕۆشنبیریی و کۆمەڵایەتی و سیاسی لە بارەی چێژی شیعرییەتی عەرەبی و سەرچاوەکانی و پەیوەندی شیعر بە فیکر و ناسنامە دوا.

لە پەراوێزی ئەو سەردانەیدا ڕۆژنامەی (الشرق الاوسط) لەگەڵ ئەدۆنیس قسەی لە بارەی هاوسەنگی و پەرتبەکانی ژیانی کرد، پەیوەندی ئەو بە (کۆلاژ) و خەونەکانی و ئەدۆنیس دانی بەوە دانا کە ئەو هونەرە دوای شیعر لای ئەو سەرهەڵدەدات، هەروەها قسەی لە خەونەکانی کردو ترسی خۆی لە بارەی جێبەجێ بوونی خستە ڕوو، ئەو ترسەی ئەدۆنیس لە هەستکردن بە وەستان و کۆتایی هاتن دێت، ئەوەش دەقی گفتوگۆکەیە:

***تا چ مەودایەك دوالیزمی (ستاتیك و دینامیك) دەبینیت، کە تۆ وەك ئەوەی کە بۆ چارپێداخشانەوە دروست بکەوێتەوە بڕەوی پێدەدەیت... ئایا هەست ناکەیت گۆڕانکارییە کەڵەکەبووەکانی مەعریفە کە ئەمڕۆ قسەی لێدەکرێت تەجاوزی ئەو مەسەلەیەی کردبێت؟.**

ئەدۆنیس: بۆ بەدواداچوونی کەلەپوری عەرەبی و ئەوانیدیکە کۆمەڵێك میتۆد هەیە کە دەشێ توێژەر کاریان لە سەر بکات. بەڵام من هەتاکو ئێستا مەیلی بەکار هێنانی ئەو دوو زاراوەیە دەکەم. چونکە لە ڕێگەی ئەوانەوە لە چنگی میتۆد دەربازم دەبێت و ڕێگەی بەدواداچوونم بۆ خۆشتر دەکەوێتەوە، ڕەنگە میتۆد وەك پەردەپۆش کردن بکەوێتەوە، یان وەك کۆت و بەند، چونکە بەکار هێنەرەکەی بەرەو ئاراستەیەکی دیاریکراوی دەبات، وەك چۆن زۆر لە مەسەلەکانیش بەرەو سنووربەندی دەکاتەوە، یان تاکە بۆچوونێك کە لەگەڵ بنەماکەیدا دێتەوە، یان لەگەڵ پێداویستی میتۆدەکە ڕێك دەکەوێت بە سەر ئەوانیدیکەدا دەیسەپێنێت. بەڵام زاراوەی (ستاتیك و دینامیك) بۆ ئەوەی لە هەموو لایەکەوە شتەکان ببینێت، ئازادییەکی زێتر دەبەخشێت، وەك چۆن ڕێگا بۆ توانا کان دەکاتەوە تاکو دەست بە سەر شتەکاندا بگرێت و بە شێوەیەکی بەرفرەوان لە مەسەلەکان قوڵ بێتەوە، بۆیە دووبارەی دەکەمەوە کە من هەتاکو ئێستا مەیلی بەکارهێنانی ئەو دوو زاراوەیە دەکەم.

***ئایا ئەو مەسەلەیە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئێستا ناوەڕۆك بۆتە پەراوێز و پەراوێز بۆتە ناوەڕۆك؟.**

ئەدۆنیس: ڕەنگە ئەو دەستەواژەیە جۆرێك لە شاردنەوەی پێبێت. من گوتم دیوانی شیعری عەرەبی توانایەکی وامان پێدەبەخشێت کە ئەوەی لە ڕابردوو وەك پەراوێز سەیر دەکرا ئەمڕۆ وەك ناوەڕۆك تەماشا بکرێت، واتە دنیابینی نوێ بەو بۆنەیە پەیوەست نییە کە قەسیدەکەی تێدا گوتراوە، جا چ پێداگوتن بێت یان لاواندنەوەو لالانەوە، بەڵکو دنیابینی نوێ مەیلی بە لای گرنگیدانی دەقەوەیە، بە جوانکاری دەق و بونیادی زمانەوانی هونەری و ئەو ئاسۆیانەی کە دەق بە ڕووی خوێنەردا دەیکاتەوە، بێ ئەوەی بیر لە بۆنەکان بکاتەوە، دیوانی عەرەبی بۆ ئەوە هاتووە تاکو دەقێك بەرامبەر خوێنەر بکاتەوە کە لە بۆنەکان دەربازیان بووەو پشت بە پیاهەڵدان نابەستن، وەك چۆن پشت بە هەموو ئەو کەرەستە کۆنانە نابەستن کە شاعیر بەکاری دەهێنان. بەم واتایە من گوتم ئەو پەراوێزە شیعرییەی کە لە ڕابردوو بە پەراوێزکراوی مابۆوە، بۆتە بنەماو بەرەو ناوەڕۆك گۆڕاو.

***هەندێك لە ڕەخنەگران وای دەبینن کە تازەگەری ئەدۆنیسی تازەگەرییەکی زێتر زمانەوانییەو کەمتر پەیوەندی بە واقیعەوەیە، بۆ نموونە ئەو قەسیدەیەی دوایت کە لە بارەی دوژمنکارانەی ئیسرائیل بە سەر لوبنانەوە نووسیوتە، خوێنەر وا هەست ناکات کە لە بارەی جەنگەوە قسە دەکەیت بەڵکو وەك ئەوە وایە کە لە بارەی جەنگێکی گەردوونییەوە قسە بکەیت، واتە پەیوەندییەکی زیندووی بە واقیعەوە نییە، ئایا زمان لای تۆ تەنها ئەیقۆنە؟.**

ئەدۆنیس: بێگومان من زۆر گرنگی بە زمان دەدەم، ئەوە شتێکی دیارە و من جەختی لێدەکەمەوە، من نازانم چۆن زمان و واقیع لە یەك جیا دەکەینەوە! مانای لە یەك جیا بوونەوەی ئەو زمانەی کە پێیدەنووسم و ئەو واقیعەی کە قسەی لە سەر دەکەم چییە! من هیچ لەوە تێناگەم، چونکە من هیچ نابینم، ڕەنگە وزەی زمان و بەرزی و دەوڵەمەندی زمان خەیاڵێك بە خوێنەر ببەخشێت، خەیاڵێك کە واقیع تەواو پەردەپۆشی دەکات، بەڵام ئەوە لە توندر تیژی واقیع و ئاڵۆزییەکانی واقیعەوەیە، لەو ترسە دایە کە واقیعی لە سەر بەندە.

واقیع ئەوەندە ساکار نییە تاکو زمان ساکار بکەوێتەوە، واقیع ئاڵۆز و ئاوێتەیەو لە چەندان چینی جۆراو جۆر پێکهاتووە، بۆیە ئەو زمانەی کە واقیع دەپشکنێت- بەرای من- پێویستە تەدیش بۆخۆی ئاوێتە و دەوڵەمەند و بە هێز بێت و لە چەندان چینی جۆراو جۆر پێکهاتبێت. ئەگەر بە زمانێکی ساکار تەعبیر لەوە بکەین کە لە فەلەستین ڕوو دەدات، بەرای من دەکەوینە واقیعێك کە ئاستەکەی نزمە، شاعیر بە لای کەمی پێویستە تەواوی واقیع تێکەڵ بە زمانەکەی خۆی بکات بۆ ئەوەی شتێك لە بارەی ئەو واقیعەوە بخاتە ڕوو، لە هەمان کاتیشدا واقیع دووبارە بونیاد بنێتەوە، بە گشتی نموونەی ئەو پرسیارانە ئەو کەسانە دەیکەن کە بۆچوونی تایبەتیان لە بارەی پەیوەندی زمان و واقیعەوە هەیە، من ڕێز لەو بیروڕایە دەگرم، بەڵام پێموایە کە ئەو مەسەلەیە پێویستی زۆرتر بە لێوردبوونەوە هەیە.

***ئایا تۆ لە قەسیدەکانتدا بایەخ بە تەمومژی دەدەیت؟.**

ئەدۆنیس: بایەخ بە تەمومژ نادەم، واقیع بۆخۆی تەمومژاوییە، کاتێك شاعیرێك دەیەوێت بە ساکاری و ڕووەك ئامێزانە بیخاتە ڕوو، وەك ئەوەیە کە ناپاکی لێبکات. بەرای من دەبێت خوێنەر بەو وێنەیە ڕازی نەبێت کە شاعیر بە شێوەیەکی سادە پێشکەشی دەکات، قەسیدەش نابێ بە گوێرەی خوێنەر بێت، بەڵکو پێویستە بە نێو ئاڵۆزییەکانی واقیع و گرفتەکانی واقیعدا بێتەوە، هەروەها پێویستە شاعیر ئەوە نەبێت کە خوێنەر پەراوێزی دەکات، بەڵکو دەبێ لەوەی کە قابیلی تێگەیشتنە دوور تر بڕوات.

گرفتی ئێمە ئەوەیە کە چێژی شیعری بە شێوەیەکی ئۆرگانی بە وەڵامەوە بەندە، نەك بە پرسیار، ئەو شەڕە بە دژی پرسیار کردن دەکەوێتەوە. ئەو شەڕە جەخت لەوە دەکاتەوە کە چێژی پەیوەست بە شیعر هەر تەنها بە وێنەو بیستنەوە بەندە، وا دەکات کە شیعر هەر تەنها گۆرانی گوتن بێت و هیچ پەیوەندی بە لێوردبوونەوەو نەبێت، ناکۆکییەکەش لەوەدایە کە هیچ قۆناغێکی شیعری عەرەبی نابینی وەك ئەو قۆناغەی ئێستای ئێمە غەرقی نەزانی بوو بێت.

***ئەدۆنیس ئێستای شیعری عەرەبی چۆن دەبینێت، بە تایبەتی لە ڕووبەڕووبونەوەی ئەدەبێکدا کە پشت بە وێنە دەبەستێت، ئایا -وەك دەڵێن- بەراستی ئێمە لە زەمەنی ڕۆماندا دەژین؟.**

ئەدۆنیس:بە کورتی من پێموایە لە نێو عەرەب بەهرەی شیعری زۆر هەیە، بەڵام ئەزموونی مەزن لە شیعردا کەمە، ئەگەر بەم شێوەیە بڕوات شیعری عەرەبی لە پرسیاری هەبوونایەتی کورت دەبێتەوە، دەبێ سەرچاڵی بکات لەوەی لە نێو مۆدەیەك لە مۆدە کۆنەکان دەمێنێتەوە، ئەگینا زۆر بە خێرایی تازەگەری هەڵیدەلوشێت، هەروەها دوور لە بنەما سەرەکییەکەی زمان و شیعرو فیکرو مرۆڤ و حەقیقەت وەك زیندانی کراو دەمێنێتەوە.



زناك

محەمەد ڕەنجاو

زەڕە هەتاویەکانی وشە

قلادیمیر نابۆکۆڤ نوسینێکی جوانی هەیەو نێوی لێناوە خوێنەری باش و نوسەری باش ، من کاتێ ئەو نوسینەم خوێندەوە واقیعێکی حاڵی خۆم هاتوە بەرچاوان کەلەناوەڕاستی حەفتاکان لەسلێمانی توشی هاتم ، ئێوارەیەکی بەهاری بوو من و ئومێد ئاشناو دڵشاد مەریوانی و کۆران محمدی ئەمین ی بری دڵشاد مەریوانی بوین لەسەر جادەی کاوە پیاسەمان دەکرد ، ئەوسا لەسلێمانی سەهۆڵەکە هەر نێویشی نەبوو ، تا پیاسەی ئێوارانی لێ بکرێ ، بۆبەیانیەکەی کۆڕێکی شیعر خوێندنەوە بوو وابزانم بۆلەتیف هەڵمەت و ئەنوەر جاف و ڕەفیق سابیرو یەك دوێکی دیکەش ساز درابوو باسی ئەم کۆڕەمان دەکرد ، کەبەیانی ئەم شاعیرانە چ دەخوێننەوە ، من لەهەموان زیاتر ئەوکاتە ئاشنای ڕەفیق سابیر بووم و لەبەر ئەوەی هەردوکمان شیوعی بوین لەهەموانیش زیاتر سەرسام بووم پێ ی ، نازانم چۆن بوو یەکسەر ڕوم لەدڵشاد مەریوانی کردو وتم دەبێ کاك ڕەفیق چ بخوێنێتەوە ، ئەویش لەگیرفانی چاکەتەکەی سێ چوار وەرەقەی فلوسکابی هێنایە دەرو وتی ئەوە شیعرەکەیەو یەکسەر بۆمانی خوێندەوە لەشیعرەکەدا دێڕێك هەبوو دەیوت (ئەی نیشتمانی ڕەنجدەرو ئاوارە کان ، ئەمشەو هاتوم دەرگای دڵتم لێ دامەخە)

ئەو کاتە دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول بوو وشەی کوردستان بەقەدەر خوا پیرۆزبوولامان ،منیش وتم خۆزگە بیوتایە ئەی کوردستانی ڕەنجەرو ئاوارەکان .

بۆ بەیانی کاتێ ڕەفیق سابیر لە بەغاوە هات و شیعرەکەی خوێندەوە دوای کۆڕەکە بەکاك ڕەفیقم وت خۆزگە بتوتایە ئەی کوردستانی ڕەنجدەرو ئاوارەکان چونکە زەوقێکی عامی زیاتری تیا بەدی دەکرا ئەویش یەکسەر وتی وەلا خۆی کوردستان بوو کاك دڵشاد مەریوانی تەکلیفی لێکردم تا بیکەم بەنیشتمان

لێرەدا قسەیەکی نابۆکۆڤم دێتە یاد لەو نوسینەیدا کەدەڵێ کاتێ منداڵێك لەجەنگەڵێکدا دەترسێ و هاوار دەکا کورگ ٠٠٠کورگ٠٠٠ ئەوا سیحری هونەر لەسای ئەو گورگەدا بوە کەئەو خوڵقانویەتی ، ئێمەش ئەوکاتە وەك خوێنەرێك سیحری جوانی نیشتمانمان لەو کوردستانەدا دەبینیەوە کە دوژمنان لایان خوڵقاندبوین و ڕەفیق سابیر کاتێ بەمنی ووت ، ئەو نیشتمان نەبوو کوردستان بوو من نوسیبوم ، هەستی بەو (زەڕە هەتاویانە) کردبوو کە نابۆکۆڤ ناوینابوو ئێمەی خوێنەریش بەعیشقەو بەدوای ئەو دەزوە خۆرانەدا وێڵبوین کەشەو زەنگی نەهامەتیمان بۆ ڕۆشەن کاتەوە .

تاران لە دیدارێکی هەفتەییدا -٩-

کەریم کاکە

ژنێك کۆترو پشیلە ئاشتدەکاتەوە!

پارکی میللەت جوان بوو، تا بڵێی جوان بوو، ڕەنگە بەو ڕادەیەش جوان نەبێت، بەڵام لە چاوی منەوە جوان بوو، گۆماوێکی گەورە، باخچەیەکی قشتیلەی باڵندان..دەرختی جوانی پڕچ ژنانی، لە هەموو لایەکەوە ئاوەدان، هیچ بڕکە دارێك، جێ ناو لەپێنك فریز بەو مانگی خەرمانانە تینوێتیان پێوە دیار نەبوو، لە بەهار تەڕتر خۆیان دەنواند.. گەڕان لە پارکی میللەت کەمێك ماندووی کردم چونکە هەوراز و لێژیی تێدایە، هەوراز و لێژییەکی ناسك و جوان... تێر گەڕام هاتمەوە لای پەیکەری شاعیرەکان، پەیکەری کۆمەڵێك شاعیر لە پارکی میللەت بە ڕیز سەیری جوانیی پارك و مێوانانی پارکەکە دەکەن، وەك فیردەوسی و شیرازییەکان و.... لە سەر سینگی هەر یەکێکیان ساڵی لە دایکبوون و کۆچی دوایی هەڵکەنراوە، یەکێکیان نەبێت کە وابزانم دەمێك بوو لە ژیان نەمابوو، کەچی تەنها ساڵی لە دایکبوونی لە سەر هەڵکەنرابوو.. لەوەوە قسەی شوفێرەکەم بیرکەوتەوە کە چەند جار جەختی دەکردەوە کە تاران پیر بووە، لەو پەیکەرانەوە بە ڕوونی نیشانەی پیریی بە تارانەوە دیار بوو، لە سیمای ئەو پەیکەرانەوە چەند تەمەنێك دەخوێندرانەوە..

ئەو پارکە کۆتری گەلێك زۆر بوو، سێبەریان لە سەرت دەکرد، کەچی ڕێوبانەکانیشی نەك جیقنەرێژ نەبوون، زۆر بەکەمی جیقنەت دەتدیت، ئەو پارکەش وەك هەر جێگەیەکیدی چەندی پیر بوو هێندەش خاوێن بوو..

ئەوکاتەی ئێمە لە پارکی میللەت پیاسەمان دەکرد، پارك مەیلەو چۆڵ بوو تاقوڵۆق خەلکت دەدی، هەمووی چوار پێنج کوڕ و کچم دیت بە تەنیشت یەکەوە دانیشتبوون و شانیان لە شانی یەکتر دەخشاند، جار جارەش دەست و پەنجەی یەکتریان توند توند دەگوشی، دەمدیت هێندە توند هێندە توند، دەمگوت ئێستا کچە هاوڕێ لێ بەرز دەبێتەوە.. من کەمتر تەماشام دەکردو پتر خەیاڵاوی دەمڕوانی، لە پڕ نازانم چۆن چاوم بە لا چەپێکدا ڕوانی ژنێك دانیشتبوو، من دەڵێم شەست ساڵ دەبوو تۆ بڵێ خۆی لە حەفتا دەدا، دەم و چاوێکی خڕی مەیلەو گوپن، زۆر لێی نزیك نەبای ئەوە تەمەنی نەبوو، کەمێك لە دوورەوە سەیرت بکردایە لە دەوری چل ساڵی خۆی نیشاندەدا..ئەو ژنە زۆر جوان بوو، لە تاران جوانتر بوو.. کاتێك ئەو ژنەم دیت خۆزگەم خواست شوفێر تەکسیەکە ببینمەوە تا پێی بڵێم ئەو تارانەی تۆ دەیڵێت ڕێك وەك ئەو ژنەیە، پیر پیر بەڵام جوان جوان..

ئەو ژنە جوانە پیرە کە نازانم ئێرانی بوو یان ئەورووپی، شێوەی پتر بە لای ئەورووپیدا دەچوو، یان تێکەڵێەك بوو لە ئێرانی و ئەورووپی، کەوتبووە ناو کۆتران..

-کوڕە بابە ئەها کۆتر ئەو ژنە دەخۆن؟!

-نا، نایخۆن ماچی دەکەن، دەتەوێت ئەتوش ماچ بکەن؟

-نا، دەمگەزن..

دنیایەك کۆتر دەوری ئەو ژنە جوانەیان دابوو، دەمدیت گۆڵم گۆڵم دانی بۆ ڕوو دەکردن.. حەزم کرد پتر لەو ژنە و کۆترەکان ورد ببمەوە لە نزیکیەوە لە سەر کورسیەك دانیشتین. چ ببینم باشە؟ ئەوە دوو پشیلەن یەکیان زەردو ئەویدی مەیلەو ڕەش، لەو تەنیشتەی ژنەکەوە وا دەویان دەجوولێ، دەبینم ژنە ناوە ناوە سەرو پشکە گۆشتێکیان دەداتێ..

-بابە ئەو پسیلانەش ئەو ژنە ماچ دەکەن؟!

-ئەدی، پشیلە و کۆتر برادەری ئەو ژنەنو ماچی دەکەن..

پەیوەندی ئەو ژنە و کۆتر لە ڕێی دانەوە بوو، هی ژنەکە و پشیلەش لە ڕێی پشکە گۆشتەوە، واتە پەیوەندییەکی ئاسایی بوو.. لەو پەیوەندییە ئاساییەوە پەیوەندیەکی تا ڕادەیەك نا ئاسایی هاتبووە ئاراوە کە ڕەنگە لە دەست هەموو کەس نەیەت یان ڕاستتر بڵێین سەلیقەیەکی زۆری دەوێت..

-بابە کۆتر و پسیلە برادەرن؟!

-نا برادەر نەبوون بەڵام ئەو ژنە ئەوانەی کردە برادەر ئەو ژنە پیرە جوانە دوو دەستی جوانی هەبوون بە یەکێکیان دانی بۆ کۆتران ڕوودەکردو بەویدیکەی پشکە گۆشتی دەبەخشیە پشیلان، ئەو ژنە بە شێوەیەك چاوی پشیلەی نووساند بیر لە پەلاماردانی کۆتر نەکاتەوە، بە شێوەیەك پشیلەی بارهێنا کۆتر ترسی لێی شکا...

من دەمویست قسەیەك لەگەڵ ئەو ژنە بکەم، بەڵام ئەو بۆ جارێکیش سەیری منی نەکرد ئەگەرچی لەبەردەمی بووم، وەك ئەوەی منی هەر نەدیبێت.. ئیدی منیش بڕیارم دا تەنها تەماشای بکەم و بەس، گوتم با لێی تێك نەدەم، چونکە زۆر جار سلاڤێکی لە نکاو شیرازەت بە تەواوی تێکدەدا...

کۆتر سات لە درای سات پتر دەبوون، بەڵام نەمدیت پشیلەیەکیدی بێت، ئەو ناوە یەك پارچە بووە کۆتر، ژنە جوانە پیرەکە بە کۆتر داپۆشرابوو، پشیلەکانیش بە کۆتر داپۆشرابوون، ئێمەیش خەریك بوو بە کۆتر داپۆشرێین..

-بابە با بڕۆین کۆتر دەماخۆن

-مەترسە کۆتر ئێمەیان خۆش دەوێت

-من دەترسێم..

دوور کەوتینەوە ژن و کۆتر و پشیلەمان پێکەوە بە جێهێشت.. من ئەو ژنە پیرە جوانەی کە هەر لەو تارانە دەچوو کە شوفێر تەکسیەکە باسی دەکرد، خۆشویست هەر لەبەر ئەوەی ئەگەر بۆ چەند ساتێکیش بێت کۆتر و پشیلە ئاشت دەکاتەوە، داخوا بەو کارەی خۆیشی چەند دڵخۆشە، چەند چێژ لەو دەستانەی خۆی وەردەگرێت کە گەنم و گۆشت دەبەخشنەوە.. جوان بوو ئەو ژنەی نەمزانی ئێرانیە یان ئەورووپی، ئەو ژنەی دەتگوت بۆ گاڵتە چەفیەی بە سەر سەری خۆی داداوە!